کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
18-6-2007 21:42بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**نەزند بەگیخانی بەگری لە هەموو ژنێکی چەوساوە دەکا ... کامەران عەلی حوسێن**

دوای رێز و سڵاو.

برادەرێکی پۆلیس کە ناوی خۆی نەنووسیوە خۆی کردۆتە دەم ڕاستی هەموو پۆلیسێك، هەستم کرد بە نارەوا و بە ناهەق هێرش دەکاتە سەر ئەم خانمە رۆشنبیرە بە رێزە. ئەم پۆلیسە بە رێزە قسەکانی نەزەندخانی ئاوەژوو کردۆتەوەو بە ئارەزووی خۆی لێکی دەداتەوە و تەفسیری بۆ دەکا. بێگومان هەموو پۆلیسیك لە کوردستان خراپ نین و بەلام هەشیانە مێشك پووتە و لەگەل ژن کوشتن دان، وەك چۆن بینیمان لە رووداوی شەهیدکردنی دوعا خان پۆلیسەکان وەستابوون و هیچ هەڵوێستێکیان نەنواند. بەڵام دیسان ئەم پۆلیسانە نوێنەرایەتی هەموو پۆلیسی کوردستان ناکەن. نەزەند بەگیخانی دەیان ساڵە خۆبەخشانە خەبات لە پێناوی مافی ژنانی کورد دەکات، ئەو لەم رووەوە زۆر ئازاری بینبوە. پاشان وەك بیستومانە نەزەند خان نە پارتی بووە نە یەکێتی نە هیچ حزبێکی تر، ئەو بە پارەی خۆی کە لە کاری خۆی دەستی دەکەوی لەم بوارەی خەرج دەکا. پاشان ئەو بە لێکۆلەرێکی پلە یەك دادەنری لە بواری مافی ژن و کێشەکانی ژنی کورد. بێجگە لەمە نەزەندخان بە ژنێکی موتەتەریف نەناسراوە، ئەو روانینەکانی لە سەر بنچینەیکی عەقلانی بنیات دەنی. ئەو باسی هەقیقەت دەکا، هەر لەبەر ئەمەشە نووسینەکانی ئەو وەك ئاوێنەیەکە ئەوانی تر پیسییەکانی خۆیان تێدا دەبیننەوە، ئەمەش لەم پۆلیسەوە بگرە تا دەگاتە هەموو ئەوانەی باوەریان بە توند و تیژی هەیە لە چارەسەرکردنی کێشەکان. نەزەند بەگیخانی تاقە پێشمەرگەی مافەکانی ژنانی کوردە.

کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.